# چەند بەڵگەو ڕونکردنەوەیەکی تایبەت
# بە واجب بوونی باڵاپۆشی(حیجاب)و پەیوەستییەکانی

**بەناوی خودای گەورەی میهرەبان**

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه والتابعين لهم أجمعين إلى يوم الدين وبعد:

**تەوەری یەکەم: بەڵگەی واجب بوونی باڵاپۆشی (حیجابی شەرعی):**

**هیچ گومان لەودا نییە کە باڵاپۆشی (حیجابکردن) بۆ ئافرەتی موسڵمان لە بەرانبەر پیاوانی نامەحرەم بە هەرشێوازێک لە شێوازەکانی باڵاپۆشی واجبێکی شەرعییەو پێویستە ئەنجام بدرێت کە سەلمێنراوە بە دەقی راستەوخۆی قورئان و سوننەت و ئیجماعی صەحابەو گشت زانایانی ئیسلام لە چواردە سەدەی رابوردوو، وە بەشێکە لە حوکمە جێگیرکراوەکانی ئیسلام** (الثوابت) **بە پێی زەمان و مەکان گۆڕانکاری نایەت بە سەریدا چونکە بەشێکی گرنگە لە رەوشتی پەسەندو نیشانەی عیفەت و بتەوی ئیمان و جێبەجێ کردنی فەرمانی خوداو پێغەمبەرەکەیەتی** (صلى الله عليه وسلم) **بە پێچەوانەیشەوە دەرچوونە لە چوارچێوەی تەشریعاتی پڕ لە حیکمەتی ئیسلام و عاقیبەتی ئەو دەرچونەیش زۆر ترسناک و نەخوازراوە وەك قورئان دەفەرموێت:**{ وَمَنْ يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَى وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّى وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ وَسَاءَتْ مَصِيرًا} (سورة النساء: ١١٥).

**لەو دەقە قورئانیانەی کە راستەوخۆ باڵاپۆشی و حیجاب واجب دەکەن کە تەواوی موفەسیرو راڤەکارانی ئیسلام باسیان کردووە بە بێ جیاکاری** (استثناء) **ئایەتە پیرۆزەکانی:**{ وَقُلْ لِلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ..الآية} (سورة النور: ٣١). {وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى} (سورة الأحزاب: ٣٣)، {وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَاعًا فَاسْأَلُوهُنَّ مِنْ وَرَاءِ حِجَابٍ ذَلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّ} (سورة الأحزاب: ٥٣) {يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لِأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِنْ جَلَابِيبِهِنَّ..الآية} (سورة الأحزاب: ٥٩).

بۆ زیاتر شارەزابوون لە ڕاڤەی ئەم ئایەتانە بڕوانە ئەم تەفسیرانە:

تفسير البغوي (٦/ ٣٤). تفسير ابن عطية = المحرر الوجيز في تفسير الكتاب العزيز (٤/ ١٧٨). تفسير القرطبي (١٢/ ٢٢٨). تفسير ابن أبي حاتم(١٠/ ٣١٥٤). الدر المنثور للسيوطي ٦/ ٦٦. تفسير ابن كثير ٦/ ٤٧١.

**هەروەها لە دەیان فەرموودەی صەحیحی حەزرەتدا**(صلى الله عليه وسلم) **ئەو حەقیقەتە راگەێندراوە لەوانە فەرمودەی حەزرەتی عائیشە(رضي الله عنها):**" رَحِمَ اللَّهُ نِسَاءَ الْمُهَاجِرَاتِ الْأُوَلَ لَمَّا أَنْزَلَ اللَّهُ

عَزَّوَجَلَّ: {وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ} شَقَقْنَ مُرُوطَهُنَّ فَاخْتَمَرْنَ بِهَا"أخرجه البخاري في التفسير، باب: "وليضربن بخمرهن على جيوبهن" (٨ / ٤٨٩). **هەروەها فەرمودەی:** المرأة عورة"سنن الترمذي (٣/ ٤٦٨)برقم(١١٧٣) صحيح ابن خزيمة (٣/ ٩٣) برقم (١٦٨٥) عن ابن مسعود(رضي الله عنه). **هەروەها فەرمودەی:** عقبة بن عامر (رضي الله عنه): أنه سأل النبي (صلى الله عليه وسلم) عن أختٍ له نذرت أنتحج حافية غير مختمرة، فقال: " مروها فلتختمر، ولتركب، ولتصم ثلاثة أيام ". رواه الإمام أحمد في "المسند" (١٤٥/٤)، سنن أبي داود (٣/ ٢٣٣) رقم (٣٢٩٣)، سنن ابن ماجه (٦٥٤/١)، سنن الترمذي (١١٦/٤)، وحسنه، سنن النسائي (٢٠/٧)، قال الخطابي رحمه الله: "أما أمره (صلى الله عليه وسلم) إياها بالاختمار، فلأن النذر لم ينعقد فيه؛ لأن ذلك معصية، والنساء مأمورات بالاختمار والاستتار. اهـ ""معالم السنن" للخطابي (٤/ ٣٧٦).

**هەروەها لە تەفسیری** ابن أبي حاتم دا **هاتووە:** عن ابن عباس (رضي الله عنهما) في هذه الآية (يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِنْ جَلَابِيبِهِنَّ) قال: أمر الله نساء المؤمنين إذا خرجن من بيوتهن في حاجة أن يغطين وجوههن من فوق رؤوسهن بالجلابيب، يبدين عينا واحدة".

وفي عون المعبود وحاشية ابن القيم (١١/ ١٠٦) (باب في قول الله تعالى يدنين عليهن من جلابيبهن.. الآية بتمامها) قال العظيم آبادي: "الجلباب رداء فوق الخمار تستر من فوق إلى أسفل يعني يرخينها عليهن ويغطين وجوههن وأبدانهن، قال السيوطي: هذه آية الحجاب في حق سائرالنساء ففيها وجوب سترالرأس والوجه عليهن" وعن أم سلمة (رضي الله عنها) قالت: لما نزلت هذه الآية (يدنين عليهن من جلابيبهن) خرج نساء الأنصار كأن على رؤوسهن الغربان من أكسية سود يلبسنها» وعن صفية بنت شيبة، عن أم سلمة قالت: لما نزلت هذه الآية يدنين عليهن من جلابيبهن خرج نساء الأنصار كأن على رؤوسهن الغربان من السكينة وعليهن أكسية سود يلبسنها». تفسير ابن أبي حاتم(١٠/ ٣١٥٤) بأرقام (١٧٧٨٣)و(١٧٧٨٤)و(١٧٧٨٥).

**تەنانەت قورئانی پیرۆز کە پیرەژنی جیاکردووەتەوە لە ئافرەتانی گەنج لە شێوازی باڵاپۆشیدا بەڵام دەفەرموێت نابێت ئەویش بە بێ پۆشاك خۆی برازێنێتەوەو خۆی دەربخات، واتە دروستە تەنها ئیکتیفا بکات بە لیباسەکانی بە بێ عەبایەکی سەرتاسەری، وەك دەفەرموێ:** (وَالْقَوَاعِدُ مِنَ النِّسَاءِ اللَّاتِي لَا يَرْجُونَ نِكَاحًا فَلَيْسَ عَلَيْهِنَّ جُنَاحٌ أَنْ يَضَعْنَ ثِيَابَهُنَّ غَيْرَ مُتَبَرِّجَاتٍ بِزِينَةٍ) **پاشان دەفەرموێت ئەویش ئەگەر تەواو باڵا پۆشی جێ بەجی بکات و عەبای پاڵاپۆش بەکاربهێنێت ئەوا بۆی باشترە:** (وأن يستعففن خير لهن) (سورة النور: ٦٠).

**هەروەها لە فەرمودەی صەحیحدا پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) هەڕەشەی کردووە لەو ئافرەتانەی کە تەواو باڵاپۆش نین و پۆشاکی تەنك و سەرنج ڕاکێش لە بەردەکەن کە عقوبەکەیان ئەوەیە کە هەرگیز ناچنە بەهەشتەوە، مەگەر تەوبە بکەن و بگەڕێنەوەو باڵاپۆشی ڕاستەقینە بن، وەك دەفەرموێت:** عن أبي هريرة

(رضي الله عنه) قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم): « صنفان من أهل النار لم أرهما قوم معهم سياط كأذناب البقر يضربون بها الناس ونساء كاسيات عاريات مميلات مائلات رءوسهن كأسنمة البخت المائلة لايدخلن الجنة ولايجدن ريحها وإن ريحها ليوجد من مسيرة كذا وكذا».صحيح مسلم (٦/ ١٦٨) برقم(٥٧٠٤) **هەروەها فەرمودەی صەحیحی پێغەمبەر**(صلى الله عليه وسلم)**کە**(أم المؤمنين **حەزرەتی**عائشة(رضي الله عنها)**لە پێغەمبەرەوە دەیگێڕێتەوە**(صلى الله عليه وسلم)**کە فەرمویەتی:**"ما من امرأة تخلع ثيابها في غير بيت زوجها إلا هتكت ما بينها وبين الله من حجاب"رواه أبو داود رقم (٤٠٠٩) و (٤٠١٠) في الحمام في فاتحته، والترمذي رقم (٢٨٠٣) و (٢٨٠٤) في الأدب: باب ما جاء في دخول الحمام، وقال: "هذا حديث حسن". **زۆرێکی تریش لەو فەرمودانەی کە جەخت دەکەنەوە لە سەر واجبوونی باڵاپۆشی..**

**بۆیە ئیجماعی زانایان دامەزراوە لە سەر واجب بوونی حیجاب و باڵاپۆشی بۆ ئافرەتان لە بەرانبەر پیاوانی نامەحرەم، واتە بە سفوریو بێ باڵاپۆشی دروست نییە بچنە دەرەوە، مەگەر هۆکارێکی شەرعی وەك کاتی پشکنینی پزیشکی ئەویش بە پێی پێویستو بە ئەندازەی خۆی، لەو زانایانەی کە ئەم کۆدەنگییەیان باس و نەقڵکردووە:** (الإمام أبو عبد الله الشافعي وإمام الحرمين الجويني وحجة الإسلام ابو حامد الغزالي وشيخ الإسلام أبو زكريا النووي حافظ الإسلام ابو الفضل العسقلانی، الإمام أبو محمد بدر الدين العيني، الإمام شهاب الدين ابن رسلان والشيخ ابن تيمية.. دةيانى تيشش. برِوانة: روضة الطابين وعمدة المفتين للنووي ٥/ ٣٦٦ ، ٧/ ٢١)، إحياء علوم الدين للغزالي: (٧٢٩/٤)، فتح الباري للعسقلاني: (٩/ ٢٤٨) عون المعبود في شرح سنن أبي داوود للعظيم آبادي الصديقي: (١٠٩/١١)، مجموع الفتاوى لابن تيمية: (١٥/ ٣٧٢).

**بێ گومان نەقڵی ئیجماع لە مەڕ پێویستی باڵاپۆشی بۆ ئەوەیە کە بەڵگەکان ئەگەرچی هەندێکیان** (ظني الثبوت یان ظني الدلالة)بن، **دوای ئیجماع و کۆدەنگی هیچ کەس ناتوانێت بڵێت باڵاپۆشی واجب نیە، وێڕای ئەوەی کە ئایەتەکانی حیجاب وەك** (قطعي الثبوت)ن **هەروەها** (قطعي الدلالة)یشن **لای زانایانی ئیسلام.**

**بۆیە زانایانی هەرچوار مەزهەبی ئەهلی سوننەت و جەماعەت لە سەر واجب بوونی باڵاپۆشی کۆکن، وە بە نیسبەت داپۆشینی ئافرەت لە بەرانبەر نامەحرەمدا بۆ دەست و دەموچاوی لە کاتی بوونی فیتنەو فەسادی خەڵکدا جگە لە کاتی نوێژ پێیان واجبە، بەڵام لە کاتی هێوربوونەوەو نەبوونی فیتنە حەنەفیەکانو مالیکیەکانو قەولێکی شافیعیەکانیش لە سەر ئەوەیە کە دروستە ئافرەت دەستو دەمو چاوی دەربخات، بەڵام لای حەنبەلیەکانو راجیحی مەزهەبی ئیمامی شافیعیش ئەوەیە کە دەستو دەموچاویشیان پێویستە داپۆشرێت لە بەرانبەر نا مەحرەمدا.**

**بەڵام ئەنجومەنی باڵای فەتوا راجیج و رای پەسەند لای ئەوەیە کە ئەگەر ئافرەت ترسی فیتنەی نەبوو ئەوا بۆی هەیە دەست و دەموچاوی دەربخات.**

**بەڵێ لای هەموان تەماشاکردنیان لەلایەن پیاوانەوە بە شەهوەت هەر حەرامە، بۆیە ئەگەرچی ئافرەت بۆی دروست بێت دەستو دەموچاوی دەربخات بە تایبەت لە کاتی مامەڵەکردن و پشکنینی پزشکی و شەهادەت داندا ئەوا بۆ نامەحرەم نییە کە بە شەهوەتەوە تەماشای بکات..**

**ئەمانەیش هەندێك لەدەقەکانی هەرچوار مەزهەبی ئیسلامە:**

١. مذهب الحنفية: الأصل في المذهب الإمام أبي حنيفة (رحمه الله) أنه يجوز للمرأة كشف وجهها وكفيها عند الأمن من الفتنة". "المبسوط للسرخسي" (١٠/ ١٥٢ - ١٥٣) ."اللباب في شرح الكتاب" (٦٢/١) "تبيين الحقائق شرح كنز الدقائق" للزيلعي (٩٦/١)

٢- مذهب المالكية جاء فيه:" وعورة الحرة مع رجل أجني مسلم جميع جسدها عدا الوجه والكفين ظهرًا وبطنا، فالوجه والكفان ليسا عورة، فيجوز لها كشفهما للأجنبي، وله نظرهما إن لم تخش الفتنة.." ينظر: جواهر الإكليل في شرح مختصر العلامة الشيخ خليل في مذهب الإمام مالك إمام دار التنزيل" (٤١/١) ، و"شرح منح الجليل على مختصر العلامة خليل" للشيخ محمد عليش (٣٣/١) ، و"إكمال إكمال المعلم" للآبي (٤٣٠/٥) .

٣- مذهب الشافعية جاء فيه: على المرأة ستر جميع بدنها وجهها وكفيها من رؤوس الأصابع إلى المعصم ظهرَا وبطنًا. وإن وجه المرأة وكفيها عورة في النظر، لافي الصلاة" وقال بعضهم: لا يحرم عند أمن الفتنة وعدم الشهوة. ينظر: روضة الطالبين (٢١/٧)،إحياء علوم الدين: (١/ ٧٢٨ - ٧٢٩) مغني المحتاج (٣/ ١٢٨) نهاية المحتاج: (٨/٢)، (١٨٧/٦)، السراج الوهاج (ص ٥٢) إعانة الطالبين: (١١٣/١).

٤- مذهب الحنابلة قال علاء الدين المرداوي الحنبلي: (قوله: "والحرة كلها عورة، حتى ظفرها وشعرها إلا الوجه" وقالوا: كل بدنها عورة خارج الصلاة، فيجب سترها". الإنصاف في معرفة الراجح من الخلاف على مذهب الإمام المبجل أحمد بن حنبل" (٤٥٢/١) وفي المغني لابن قدامة: "قال أحمد : قد اتفق عامتهم على الدرع والخمار، ومازاد فهو خير وأستر، ولأنه إذا كان عليها جلباب، فإنها تجافيه راكعة وساجدة". المغني (٣٣٠/٢)، وجاء في شرح العمدة في الفقه لابن تيمية (ص: ٢٦٦) عند قوله سبحانه: {وَلا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إلا مَا ظَهَرَ مِنْهَا} قال ابن عباس هو الوجه والكفان وهو كما قال لأن الوجه والكفين يظهران منها في عموم الأحوال ولا يمكنها سترهما مع العمل المعتاد ولأنه قال: {وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ} فأمرهن بإرخاء الخمر على الجيوب لستر أعناقهن وصدورهن فلو كان سترالوجه واليدين واجبا لأمر كما أمر بستر الأعناق. وعن أسماء(رضي الله تعالى)عنها أن النبي (صلى الله عليه وسلم) قال: "إذا بلغت المرأة المحيض لم يصلح أن يرى منها إلا هذا وهذا وأشار إلى وجهه وكفيه" رواه أبوداود وذكرها لإمام أحمد". وجاء في الملخص الفقهي لصالح فوزان: (١/ ١١٠): "هذه النصوص وما جاء بمعناها من الكتاب والسنة، وهي كثيرة شهيرة، تدل على أن المرأة كلها عورة أمام الرجال الأجانب، لايجوز أن يظهر من بدنها شيء بحضرتهم في الصلاة وغيرها،

أما إذا صلت في مكان خال من الرجال الأجانب؛ فإنها تكشف وجهها في الصلاة؛ فهو ليس بعورة في الصلاة، لكنه عورة عند الرجال غيرالمحارم؛ فلا يجوز نظرهم إليه".

**تەوەری دووەم: بە پێی ئەو بەڵگەو سەرچاوانەی کە لە سەرەوە بە درێژی روونکرایەوە ئەنجومەنی باڵای فەتوا وێڕای جەختکردنەوەی لە سەر واجب بوونی باڵاپۆشی لە سەر ئافرەتانی موسڵمان رایدەگەێنێ کە:**

**١ـ سەرەتا حیجاب پێویستە لە دڵ و دەروونەوە دەستپێبکات وەك زانایان فەرمویانە، پاشان حیجابی پەڵ و پۆو لاشەو جەواریح، چونکە ئەگەر باڵپۆشی هەڵقوڵاوی دڵو دەروون بوو ئەوا هەرگیز گۆڕان نایەت بەسەریداو پەیوەست نابێت بوونەکەی بە حوکمو دەسەڵاتو سستەمێکی دیاری کراو، بەردەوام دەم دەمێنێتەوە تا مردن.**

**٢ـ لە کوردستاندا باڵا پۆشی سوپاس بۆ خودا هەڵقوڵاوی دڵ و دەروونەو زادەی پەیڕەوکردنە لە شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام و نەریتو کلتوری جوانی رەسەنی نەتەوایەتی کۆمەڵگەی کوردەواریە لە دێر زەمانەوە، موڵك و مۆری هیچ کەسو تاقمو لایەنێك نییە. هەروەها کولتوری نامۆو هاوردەکراو نییە بە پێچەوانەی سفوریو خۆدەرخستن. کە هەوڵێکە لە نەیارانی ئیسلامەوە بۆ گەڕانەوەی کۆمەڵگەی کوردەواری ئیسلام پەروەر بۆ سەردەمی جەهالەتو نەفامی کە ئەمەیش قبوڵنەکراوە بە هەموو شێوەیەك،** {أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْمًا لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ} (سورة المائدة: ٥٠).

**٣ـ ئافرەتانی موسڵمان لە کوردستاندا بە خواهیشتی خۆیانو بێ هیچ سانسۆرو ئیکراهێك باڵاپۆشن** {لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ} (سورة البقرة: ٢٥٦) **بۆیە پێویستە رێزیان لێ بگیرێت.**

**٤ـ ئەمەی کە باسمانکردووە حوکمی ئیسلامە بۆ واجب بوونی باڵا پۆشی پێویستە رێزی لێ بگیرێت، ئەگەر خەڵکیش لە دونیای ئێستادا ئازاد بێت لە نەپۆشینی باڵپۆشیدا ئەوە پێویستە بزانێت کە گوناهبارەو لە قیامەتدا خۆی بەرپرسیارە لە ئاکامی کردەوەکانی.**

**٥ـ واتای ئەوە نییە کە هەرکەسێت باڵپۆش نەبوو ئیتر دەرچووە لە دائیرەی ئیسلام و یاخود بێ رەوشتە بە واتا زاراوەیەکەی بەڵکو گوناهبارەو پێویستە بگەڕێتەوە بۆ لای خودا بە تایبەت کە ئێستا مانگی تەوبەو گەڕانەوەیە مانگی پیرۆزی رەمەزانە.. هەروەك چۆن تەنها باڵاپۆشیش میزان نییە بۆ چاکیو باشی خاوەنەکەی. بەڵام بێ گومان هێمایەکی گەورەی پابەندبوونە بە شەرعی خوداوە.**

**٦ـ شێوازی باڵاپۆشین کورتنەکراوەتەوە لە عەباپۆشین یان هەرشێوازێکی حیجاب کە دەپۆشرێت بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئافرەتی موسڵمان کە دەچێتە دەرەوە لە ماڵەوە یاخود لە بەرانبەر پیاوی نامەحرەم دەوەستێتەوە یان هەڵسوکەوت دەکات پێویستە جگە لە دەستو دەموچاوی هەموو لاشەی داپۆشراو بێت بە شێوازێك کە جێگەی سەرنجی دڵ نەخۆشان نەبێت. ئەتوانین بڵێین کە جل و بەرگی رەسەنی کوردەواری دایك و داپیرانمان یەکێکە لە باشترین جۆری باڵاپۆشین لە ئیسلامدا.**

**٧ـ داواکارین لە هەموو خۆشکانی موسڵمان کە خۆڕاگربن لە بەرانبەر تەوژمی بیٚ باوەڕان و تانەی جاهیل و نەفامان، ئەگەرچی پیٚمان وایە کە پڕوپاگەندەی نەیارانی ئیسلام و نەخویٚندەوارو دڵنەخۆشان کاریگەر نەبووە و هەرگیزیش نابیٚت لە سەر بیروباوەڕی پۆڵائاسای دامەزراویان.**

**٨ـ ئەوانەی دەیانەویٚت لە پەنا مافی تاك و ئازادی ڕادا ئافرەتانی سەربەرز واز لە باڵاپۆشی بهیٚنن، ئەوا تەنها مەبەستیان ئەوەیە کە ئافرەتان بە کاربهیٚنن بۆ ئامانجی نەگریسی خۆیان، لە حەیاو ڕیٚزیان کەمکەنەوە، وەك کاڵایەکی بیٚنرخ مامەڵەی بازرگانی پیٚوە بکەن. کە ئەمەیش گەورەترین بیٚ ڕیٚزییە کە بەرانبەریان دەکریٚت، جگە لەوەی کە گوناهو تاوانیٚکی گەورەیە لە ئاینی بەرزی پاکیزەویستی ئیسلامدا. ئەو ئاینەی کە سەرتاپای یاساکانی ڕیٚزگرتنە لە ئافرەت و پیاو ومنداڵ، لە بچوك و گەورە، هەژارو دەوڵەمەند، کریٚکارو فەرمانبەرو جوتیار، دراوسیٚ و میٚوان و خزم و بیٚگانە، لە تەواوی مرۆڤایەتی..**

**٩ـ ئەرکی سەرشانی دایك و باوکانی موسڵمانە کە زۆر وشیابن لە بەرانبەر ڕاگەیاندنەکان بە تایبەت بەرنامە بەناو کۆمەڵایەتی و فیکرییەکان، هەروەها زنجیرە تەلەفزیونیەکان بە تایبەت دۆبلاژکراوە بیٚ پەردەکان هەروەها شیٚوازو کات و سات و جۆری سایت و بەکارهیٚنانی تۆڕە کۆمەڵایەتەکانی ئینتەرنیٚت، هەروەها بەردەوامی بە شیٚوازی نەرم و نیانی و دوور لە توندو تیژی هانی کچەکانیان بدەن لە تەمەنیٚکی گونجاودا پاڵاپۆش بن، لەچك بکەن و قاچیان داپۆشن، چونکە کە لە تەمەنیٚکی شایستەدا فیٚرنەکران دواتر زۆر ئاستەمە بۆیان باڵپۆشیی..**

**١٠ـ داواکارین لە حکومەتی هەریٚمی کوردستان کە پابەند بیٚت بە دەستوری عیٚراق و یاسا کارپیٚکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان لەمەر پیٚویستی ڕیٚزگرتن لە ئایین و بیروباوەڕ وە بە زووترین کات سنوریٚك دابنیٚت بۆ ئەو دەزگاو کەناڵ و تاك و گروپانەی کە بیٚ ڕیٚزیان نوواندووەو دەینویٚنن لە بەرانبەر پیرۆزیەکانی ئیسلام، کە حیجاب یەکیٚکە لەهیٚماو شەعایرە پیرۆزەکانی ئیسلام کە واجبی هەموو لایەکە بەرز ڕای بگریٚت:** {ذَلِكَ وَمَنْ يُعَظِّمْ شَعَائِرَ اللَّهِ فَإِنَّهَا مِنْ تَقْوَى الْقُلُوبِ} (سورة الحج: ٣٢)**.**

**١١ـ داواکارین لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی سنوریٚك دابنیٚت بۆ ئەو بەناو مەلاو بەناو نویٚخوازانەی کە تەشهیر دەکەن بە پیرۆزیەکانی ئیسلام و بە ئاشکرا لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بنچینە ڕەوشتیی و باوەڕیەکانی ئیسلام لەکەدار دەکەن ڕیٚوشویٚنی توندی یاساییان دەرهەق بگریٚتە بەرو سنوریٚکیان بۆ دیاری بکات و بیانداتە دادگا، هەروەها لە وتارو پیٚشنویٚژی موسڵمانان دوریان بخاتەوە چونکە ئەو کەسانە تەمسیلی تەنها خۆیان دەکەن نەك ئاینی پیرۆزی ئیسلام وە خاوەن بیریٚکی چەوتی لادەرن.**

**١٢ـ داواكارین له بەرێز مەكتەبی تەنفیزی یەكێتی زانایان كه هەر بەناو مەلاو نیمچه خوێنەوارێك سنووری لەو بارەوەو هاوشێوەكانی تێپەڕاند دەمەو دەست له ئەندامیەتی یەكێتی زانایانی و له ریزەكانی خۆی دەری بكات و رووبەڕووی یاسایشی بكاتەوە.**

**١٣ـ دەزگاكانی راگەیاندن به هەموو جۆرەكانی له هەرێمی كوردستان ئاگادار دەكەینەوە كه زۆر به وشیاری و وریاییەوە مامەڵە له گەڵ تەوەرو چەمكەكانی تایبەت به ئایینی پیرۆزی ئیسلام و هەموو پیرۆزیەكانی تریش له ئایین و ئاینزاكانی كوردستان بكەن، وه بەناوی ئازادی راگەیاندن و ئازادی تاكەوە ژەهری بێ باوەڕی له بەرنامەكانیاندا نەڕێژن، چونكه بێڕێزی نواندن به رانبەر ئایین و چەمكەكانی به هەر شێوەو هەر پاساوێك بێت قبوڵ نەكراوە دەبێتە هۆی لێكترازانی ئاسایش و ئاشتی كۆمەڵاتی كه دواجار ئەوان لێی بەرپرسیار دەبن.**

**١٤ـ هەركەسێكیش هەر شوبهەو گومانێكی هەیه سەبارەت به حوكمی واجبی باڵاپۆشی با بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەكانی تایبەت به فیقهی ئیسلامی هەر چوار مەزهەب، هەروەها راڤەو لێكۆڵینەوەی زانایانی تەفسیرو فەرمودەو زانستی ئەخلاق به تایبەت لەسەر ئەو دەقه ئاشكرایانەی كه لەم فەتوایەدا به نمونه باسمانكردووه.. بۆ زیاتر دڵنیایی..** والله تعالى أعلم.

وصلى الله على سيّدنا وسندنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

**ئەنجومەنی باڵای فەتوا له هەرێمی كوردستان**

**٥** رمضان **١٤٤٠ كۆچی**

**٢٠ ی بانەمەڕ ١٧١٩ كوردی**

**١٠ ئایاری/٥/ ٢٠١٩ زاینی**